کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-4-2007 14:18 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# یەکێتی بە یەکێتی یەوە جوانە نەک دووبەرەکی... سۆران

کاك عبدلله علی کریم لە مینبەری کوردستانپۆستەوە داخی دڵی خۆی هەڵڕشتبوو لەبابەتێکی دووبەرەکی و شەڕ ئامێزدا... داواکارم بەڕێزتان ماوە بدەن بەمن کـەڕازی دەروونی خۆم لەم ڕاقە کردنەدا بخەمە ڕووی خوێنەرانی بەڕێز لە مینبەرە میانڕەوەکەی کوردستاننێتی بەڕێزەوە.. لەگەڵ حورمەتمدا بۆ هەموو لایەك....
بەڕاستی یەکێك لە سیما سەرەکییەکانی ڕەوتی بیرکردنەوە لەناو بەشێك لە سیاسیەکانی ئێمەدا ئەوەیە کەلەهەموو شتێك ناڕازین و بەهیچ شتێك ڕازی نین.. ڕووخساری سەرەکی مامەڵەکردنمان لەگەڵً یەکتر ڕەخنەی بەردەوامە بەهۆ و بەبی هۆ.. زۆر بەپێویستم زانی وەڵامێکی بابەتیانەی کاك عبدالله علی کەریم بدەمەوە کەبابەتێکی لەسەر هێزی ڕیفۆرم و کاك بەرزان لە کوردستانپۆستدا بڵاوکردبۆوە.. سەروبەندی ووشەکانی کاك عبدلله لێك ترازاوە.. پەیامێکی نەخۆشی پێیە و نازانی چۆن دەریبڕی.. سەرەتا دەڵێت کاك بەرزان ووتویەتی باری تەندرووستی مام جلال باشە بەڵام ڕۆژی هاتنەوەکەی قسەکانی بەدرۆ دەخاتەوە.. ئەگەر درۆ بوونی هەبی کاك عبدلله ئەوا بێگوومان لەقسەکانی تۆدا بەرجەستە دەکری... بۆ ڕۆژی هاتنەوەکەی تاڵەبانی بەپێی خۆی نەهات بۆ بارەگای م.س و سی بەشی سلێمانی دەستی ئەمەکیان بۆ بەرز کردەوە.. ئەی ئەوە نییە ڕۆژانە پێشوازی لە دەیان میوان دەکات.. ئەی ئەوە نیە چوو بۆ سعودییە.. ئەی هەموو ئەم ڕاستیانە ئەوە ناسەلمێنی تەندرووستی باشە.. ئیتر تۆ خۆت خستۆتە ڕیزی دوژمنانی کوردەوە بەوێنەی تیرۆریستە سەلەفییەکان پێت خۆشە تاڵەبانی باش نەبێت ئەوە کێشەی خۆتە!.. دواتر جەنابت کاك عبدلله دەڵێیت: ئێوە ڕووی جوانی دیموکراتیتان بی حورمەت کردووە... بەراستی ئەوە ڕووی دیموکراتی بی حورمەت دەکا کە لە دەرگای تەزکییەوە پۆست وەردەگرێت نەك وەك کاك بەرزان و ستافە بەڕێزەکەی کە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ گەیاندینیە ئەم پۆستە.. ئەوە ڕووی دیموکراتی بێحورمەت دەکا کە ووزەی تەواوی گەورەترین وەزارەت دەخاتە گەڕ بۆ مەبەستی کڕینی دەنگگەکان.. بەوێنەی عوسمانی حاجی مەحموود کەتەنها لەیەك ڕۆژدا لەگەرمیان چوارسەد دەمانچەی گلۆکی ئەمریکی بەخشییەوە.. ئەمە بێجگە لە دابەشکردنی ئوتومبیل و پلەی سەربازی و هەڕەشە و تۆقاندن کە تا ئیستاش بەردەوامە.. دواتر کاك عبدالله ئەبی تەواو دڵنیا بێت لەوەی کە کاك نەوشیروانێك کە هەمیشە کەنارگیر و دابڕاوی جەماوەر بووە و جاری گاڵتە و سووکایەتی بە هەولێری دەکات و جاری بە کەرکووکی.. هەرگیز ناتوانی بەوێنەی تاڵەبانی جەماوەرێتی هەبێت.. دواتر کاك عبدلله ئەوە درۆی زۆر گەورە نییە وەك تۆ دەڵی کە: کاك بەرزان ووتویەتی کاك نەوشیروان کۆمەڵە نەبووە.. خۆ کاك نەوشیروان خۆشی لە کتێبەکەید (لە کەناری دانووبەوە بۆ خڕەی ناوزەنگ) دان بەو ڕاستییەدا دەنێت.. کۆمەڵە ئارام و هاوڕێکانی دروستیان کرد و کاك نەوشیروان ئەو کات لەئەوروپا بوو دواتر بەشەهید بوونی ئارام هاتە سەر حازری.. دواتر ئینکاری ئەوە ناکرێت کە کاك نەوشیروان هەمیشە هەوێنی دووبەرەکی و لاواز کردنی یەکێتی بووە نەك بەهێز کردنی.. دواتر تۆ دەڵی کاك بەرزان مەڵبەندێکی لەناو مەڵبەندا دروست کردبوو.. ئەگەر وابوایە بێگوومان لەهەڵبژاردن وا سەرنەدەکەوت.. کە جیاوازی دەنگەکانی نێوان ئاسۆ عەلی و کاك بەرزان 136 دەنگ بوو.. بەهەموو پێوەرەکانی هەڵبژاردن ئەمە بەتەنها دۆڕاندن نەبوو بۆ ئاسۆ عەلی بەڵکە هەرەس و داڕمان بوو.. وەك چۆن بەتەنها سەرکەوتن و برانەوە نەبوو بۆ کاك بەرزان بەڵکە شۆڕشکێکی نوی بوونەوە بوو لە مەڵبەندا.. دواتر هەر بەوویژدان دەستەی کارگێڕی ئیستا جوانە وەك

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خۆت دەڵێی یان هی جاران.. بـۆ ئەو حورمەت و ڕێز و ڕووە خۆشەی ئیستا لەواندا بەدی دەکری ئەوسا لە شایی و لۆغانی خۆشیاندا ئەتبینی!!؟.. دواتر باسی فێر کردنی ڕق و کینە مەکە چونکە ئەوە پیشەی خەڵکی دۆڕاو و پۆست لەدەستچووە نەك براوە و خاوەن پۆست.. دواتر دەڵێی: کۆمپانیایی ووشە دووئەوەندەی مەڵبەند قەرەباڵەغە.. بەڵی تەنها قەرەباڵەغە بەوانەی پرۆسەی هەڵبژاردن مافووری دەسەلاتی لەژێر پی ڕاکێشاون و ئیستا بەپارەی یەکێتی سەرقاڵی دژایەتی یەکێتین و خەو بە پۆستەکانیانەوە دەبینن.. لەگەڵ شکستی مەزنی باڵی بەناو ڕیفۆرم نەوشیروان وەك عادەتی هەمیشەیی جارێکی تر خۆی وازی هێناو پشتی لەهاوڕێکانی کرد.. خودی تاڵەبانی چوارئەوەندەی کاك نەوشیروان دڵنەوایی دانەوە و پۆستی نوێی بۆ دابین کردن و هاوکاری کردن... بەڵی ئەمە جادووی گەورەیی و شکۆمەندی تاڵەبانی یە.. دواتر بـەڕاستی شەرم و شورەییە دەوڵەتانێکی وەك سعودییەو ئەردەن و ئێران و.. هتد.. لەناخەوە پەرۆشی تەندرووستی تاڵەبانی ببن و دەرگای نەخۆشخانەکانی خۆیانی بۆ والا بکەن.. کەسانێکیش هەبن خۆیان بەکورد و بەیەکێتی بزانن و حەز بەمەرگی ئەم سەرکردە مەزنە بکەن...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.